# پشتگیریینامەیەك بۆ عومەر سەیدە

**ئێمە وەکو کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ کە باوەڕمان ئازادی رادەبڕین هەیە, لە هەمان کاتدا ڕێزمان لە تەواوی خەڵکانی دەوروبەرمان گرتووە, هیچ کاتێکیش لەگەڵ کاری نایاسابیدا نەبووینەو نابین, بەڵام کاتێك کار دەگاتە ئەوەی هاوڕێیەکمان ئیهانە بکەن و هەڕەشەی کوشتنی لێبکەن لە پای نووسینی وتاری ڕۆژنامەنووسی و تۆمەتباری دەکەن بە گێرەشێوێن, چیدی ئێمەیش دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی و داوا دەکەین لە لایەنی بەرپرس کە بەزووترین کات لە کێشەی(عومەر سەیدە)ی ڕۆژنامەنووس بکۆڵنەوەو وەڵاممان بدەنەوە کە بۆچی بەو شێوە ناقانونییە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە؟.**

هەڵبەتە ئەمە یەکەمجارو دواجاریش نابێت کە وەڵامی وشەی ڕاستی بەو شێوە بدرێتەوە, بەڵام ئێمە لێرەوە دەمانەوێ ڕێ لەو شێوازە ناشارستانییە بگرین کە لێرەو لەوێ لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا دەکرێت, دەسەڵات و حیزب کاتێ دەیانەوێ دەمی ڕۆژنامەنووسێك دابخەن تۆمەتی هەمەجۆری بۆ دروست دەکەن, بۆیە ئێمە داوا دەکەین با ئەو کێشە ببرێتە دادگاو بە شێوەیەکی یاسایی یەکلابکرێتەوە.

تێبینی: ڕۆژی 2006/8/12 لەگەڕەکی ئیسکانی شاری کەرکوك, چەند چەکدارێك(عومەر سەیدە)ی شاعیرو ڕۆژنامەنووس دەڕفێنن, پاش سوکایەتی و ئیهانەکردن بۆ ماوەی (3) کاتژمێر بەچاو بەستراوی, لای خۆیان دەیهێڵنەوەو پاش ئازادکردنیشی هەڕەشەی ئەوەی لێدەکەن کە نابێ وتاری ڕەخنەیی بنووسێت ئەگەرنا دەیکوژن, هۆکاری ڕفاندنیشی ئەوەیە وەکو پێیان ووتبوو گوایە خەڵکی هانداوە بە نووسین و بەکردار بۆ خۆپیشاندانەکانی چەمچەماڵ و شۆڕش.

**بۆ یەکخستنی دەنگتان لەگەڵ هەوڵەکانی ئێمەدا, بەم ناونیشانەی لای خوارەوە پەیوەندیمان پێوە بکەن:**

ژمارە مۆبایلی ئاسیا: 009647701511057
aram_shwane@yahoo.com

chamchamal@maktoob.com

| | |
|---|---|
| 1 ـ ئارام شوانی | سەرنووسەری رۆژنامەی چەمچەماڵ |
| 2 ـ سۆران مامە حەمە | پەیامنێری کوردستان راپۆرت |
| 3 ـ ئاسۆ جەوهەر | پەیامنێری هەفتەنامەی ئاوێنە |
| 4 ـ ئاوێزان نوری | نووسەرو رۆژنامەنووس |
| 5 ـ ئارەزوو نوری | رۆژنامەنووس |
| 6 ـ هێمن حەسیب | رۆژنامەنووس |